# بارۆلێك بۆ خۆمان دابپچڕین

خاتوو فەرای تینچ
و. : بەكـر شوانی

سەرەتا كۆلن پاول و پاشان ڤۆلفۆفیتز، هەردوكیان وتیان دەكرێ لە قۆناغی داهاتودا توركیا نمونەیەك بێت بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست. ئەمەریكیەكان و هەندێك لە رۆژئاواییەكان پێیان وایە كە توركیا ئیسلامی عیلمانیە و دەلێن: "ئەوانی تر دەتوانن ببینن كە چۆن دەولەتێكی ئیسلامی ئیسلام و عیلمانیەتی پێكەوە سازاندووە و دەرزی لێوە فێربن. "

ئەوان بە هەلەدا چوون، چونكە كۆماری توركیا دەولەتێكی ئیسلامی نیە، بەلكو دەولەتێكی عیلمانیە و لەوەش گرنگتر كەوتۆتە سەر رێگای بە دەستخستنی ناسنامەی "رۆژئاوایی" و دەولەتێكە كە بۆ چەسپاندنی بەهاكانی دادوەریی رۆژئاوا تێدەكۆشێت و ئەوەیش كە توركەكان و زۆرینەی هاولاتیانی توركیا موسولمانن، هیچ شتێك لەم راستیە ناگۆرێت. هەندێ داخوازی دژ بە پێكهاتە و ئیدۆلۆژیای دەولەت دەبیسترێن و بێنە و بەردە و بەیەكدا هەلشخان روودەدات، بەلام ئەمانە هەرچەندە لە دەسەلاتەوە نزیك بن و تەنانەت ئەگەر دەسەلاتیش بگرنە دەست، ناتوانن پشتیوانی كۆمەلگا بۆ گۆرینی رێبازی بنەرەتی دەقگرتوو بەدەست بهێنن و هێز و یەكپارچەیی توركیاش لێرەوە سەرچاوە دەگرێ.

توركیا ولاتێكی رۆژئاواییە كە زۆرینەی خەلكەكەی موسولمانە، بۆیە ناتوانێ ئەو رۆلە ببینێ كە سیاسەتمەدارانی ئەمەریكا پێشنیاری دەكەن، ناكرێ توركیا بۆ ولاتانی عەرەبی ببێت بە نمونەی "سازاندنی ئیسلام و عیلمانیەت" و "بەیەكگەیاندنی ئیسلام و دیموكراسی. "

بەلام لە بوارێكی تردا توركیا تاكە دەولەتە كە ببێت بە نمونە بۆ ولاتانی هەرێمەكە. ئایا توركیا دەكرێ بۆچی بكرێت بە نمونە؟

***

سەرۆكی ئەمەریكا بوش پێرێ لە ئاهەنگی دەرچوانی زانكۆی ساوت كارۆلینادا هەنگاوی دووەمی دوای شەری عێراقی ئاشكرا كرد. بوش-یش وەكو سەرۆكەكانی تری ئەمەریكا لە رێورەسمی دەرچووانی زانكۆكاندا سەرەداوی ساتە ناسكەكانی سیاسەتی ئەمەریكا و نزیكبوونەوە نوێكان دەردەخەن. بۆ نمونە "مارشال" سالی **١٩٤٧** لە ئاهەنگی خولی دەرچوونی زانكۆی هارڤارد دا ئامانجی "سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ئەورووپا"ی ئاشكرا كرد. سەرۆكی ئێستاش لە وتاری ئەمسالدا ئامانجی نوێی ولاتەكەی راگەیاند: "پێشكەوتنی ئابوری و سیستەمی ماف" لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا.

بە رزگاركردنی كۆمەلانی بەرفراوانی خۆرهەلاتی ناوەراست -كە مەیدانێكی سەرەكی تێكۆشانی دژ بە تیرۆرە- لە نارەزایی دەربرین و هەژاری و بێ زمانی، زەلكاوی تیرۆر وشك دەكات.

ئایا ئەم ئامانجە بە شەر و خۆسەپاندن بەدی دێت؟ بە رای من پێراناگەن. مرۆڤایەتی دەبوو لەم سەدەیەدا شێوازی نوێی بۆ گۆرینی دیكتاتۆرەكان بدۆزیبایەتەوە و من بە تەواوی پشتیوانی لەم ئامانجە دەكەم.

تورکیا دەتوانێ لەم خاڵەدا بۆ وڵاتانی هەرێمەکە ببێت بە نمونە، چونکە تورکیا وڵاتێکی خاوەن بازاڕی ئازادە و سیستەمی مافی پەسەند کردووە.

***

تورکیا دەتوانێ لە قۆناغی سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵی نمونە بگێڕێ، بەڵام بۆ ئەمە پێویستە کێشەی کورد بە تەواوی چارەسەر بکرێ و پێوانەکانی بازاڕی ئابوری سەربەست پیادە بکرێ و مافەکانی مرۆڤ زامن بکرێ.

بەڵێ، ئایا دەمانەوێ ڕۆڵێک بۆ خۆمان دابپچڕین؟ ئایا دەمانەوێ لە سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبین؟ با بەر لە هەموو شتێک وەڵامی ئەم پرسانە بدەینەوە.

---

سەرچاوە: ڕۆژنامەی حوریەت ۲۰۰۳/۵/۱۱

www.kurdistannet.org کوردستان نێت